


**خەمنامەکەم**

دەمەوێت نامەیەك بۆ خودا بنێرم.
قاسیدێکم دەوێت  خەمی ناو
ئەم خەم نامەیەم
بگەیەنێتە دەستی خودا  و
وەڵامێکم بۆ بێنێتەوە.
قاسیدێك لەڕەشی هەوری
سەر نیشتیمانی من ڕەشتر بێت
تا لەشەوە سورەکاندا نەبیندرێ،
قاسیدێکم دەوێت
قاسیدێك کەسڵ لەهیچ نەکاتەوە و
لە هیچ مزگەوتیك بۆ نویژی عیشا
لانەدا و
نەترسێت لەبینینی جەستە سەر
بڕاوەکان
کەبەناو مخلوقێکدا تێپەڕی
رانەچڵەکێت نا
کەبادەیان پر بوو لەخوێن و
سەر مێزەکانیان بەکەلە سەر رازندبۆوە.
قاسیدێکم دەوێت قاسیدێك
هەر ئاوڕیش لەوانە نەداتەوە
خەم نامەکەی من پڕ پڕن لەو خەمانەی
کەبۆ خودام نووسیوون
پڕن لەو سکاڵایانەی کەئەم مەخلوقە
بەناوی ئەوەوە
هەموو ئاوەزە خۆشەکانی ژیانیان
سوتاندوە و
پڕن لەخنکانی ماسیەکان و هەڵوەرینی
باڵی پاساریەکان بەسەر حنجەکردنی
ئەلف و بێی
ناو پرتوکەکەی ئەو
پڕن لەڕژاندنی کچێنی کچەکان بەسەر
ڕیشی

علی و هەمزەکانی مۆدێرندا  و پڕن لە
خۆکوشتن
قاسیدێکم دەوێ ئەمن
نامەکەم بگەیێنیتە دەستی خوادااا و
هاوار بکات
ئەو وەڵامەم بۆ بێنێتەوە ئاخۆ خواش
نازانێت لەکوێن!؟
دەمەوێت بزانم ئاخۆ خوداش نازانێت
کچەکانمان لەکوێن!؟

ڕانیە
ئەفسانە سـروش